# وەرن با تۆببە بکەین

بەرزان هەستیار
ئەڵمانیا/ کۆلن

bhastiar@yahoo.de

بۆ ئەوەی پێتان نەوترێت گێرەشێوێن ، ئەبێ هەمیشە دەست بە کڵاوە شڕەکەی خۆتانەوە بگرن " با " نەییات . بۆ ئەوەی ناوی تابووری پێنجتان لێ نەنرێت ، ئەبێ هەرچی حیزب فەرمووی ، پێی بڵێن ئەمە خەتی قورئانە و نابێ دەستکاریی بکرێت ، ئەگەر حەز ئەکەن ناوی خائین و نیشتیمان فرۆشتان بە سەردا دانەبڕێت ، گەرەکە گەندەڵیی بە دەسکەوتی مەزن و ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتیی بە بەرەکەتی ئاسمان بزانن ، خۆ ئەگەر زۆریشتان پێ خۆشە لە لایەن سەرکردەکانەوە وەك قارەمان ناو دەرکەن ، ئەوە بۆ ئەمەیان ئەبێ هەر کەس قاچی خوار دانا ، بە پێی یاسای قەرەقووشییانەی حیزب نەك هەر قاچی ببڕن بەڵکو وا پێویست ئەکات هەر شێوازێکی خەباتی شاخ و شاریشە لەگەڵی تاقیبکەنەوە و دوا گوللەی فیشەکدانەکانتانی تیا خاڵیی بکەنەوە .
حیزب برا گەورەیە ، حیزب لە هەموومان باشتر ئەزانێت چی ئەبێتە هۆی ئاسوودەییمان و چی مایەی ماڵ ویرانییمانە ، ئاخر ئێمە گەمژەین ، ئەگەر وا نەبووینایە هەڵبەتە ئەبوایە دەرکمان بەوە بکردایە کە ئەو هەموو کۆشك و تەلارەی لە هەڵەبجەدا چوون بە حەوادا و ئەو کەلاوانەی بوون بە قەشەنگترین بەهەشت ، خێرو بێری ئەو مۆنۆمێنتە بوو کە ئێمەی کاڵ فام بە دەستی خۆمان وار و وێخیمان لە بن دەرهێنا ، باشە ئێمە بۆ تا ئێستا ئەقڵمان بەوە نەشکاوە کە ئەگەر ئەو گەورە پیاوانەی دنیا لە دەفتەری یاداشتەکانی ئەو مۆنۆمێنتەدا وشە پڕشنگدارەکانی خۆیان تۆمار نەکردایە ئێستا حاڵمان چی ئەبوو ، ئاخر کورد دەمێکە وتویەتی " دایك ببینەو دۆتە بخوازە " ، ئێ ئەوانیش ئەوەندە بەسە بەژن و باڵای زراڤی مۆنۆمێنتی دایك ببینن و ئیتر تەواو لەوە دڵنیا بن کە " هەڵەبجە "ی کچۆڵەش چ شۆخ و شەنگ و پڕ عیشوەو نازێکە .
من بە ڕاستمە کە ئەڵێم حیزب برا گەورە و بگرە باوك و هەموو کەسێکی ئێمەیە ، ئەو ، لە بەرژەوەندی ئێمەیە ئەڵێت ، بە کفر نەبێت ، خۆ ماڵی خوا ناڕووخێت ئەگەر چەند زستانێکی تریش ئارام بگرن و هەرا و زەنا لەسەر نەبوونی کارەبا و نەوت و بەنزین و غاز و تەنانەت نان و ئاویش نەنێنەوە و شەقامەکان پڕ نەکەن لە غەڵبە غەڵب و شیعار بەرز کردنەوە ، ئاخر وایە ئێمەی دەست و پێ سپی چووزانین ئەوە چ زیانێك بە باوك وبرا گەورەکانمان ئەگەیەنێت و کۆبوونەوەی ئێمەش لەسەر شەقامەکان ئەبێتە هۆی دواکەوتنی گەورەکانمان لە دەوام و دواجاریش هەر خۆمان زەرەر مەند ئەبین ،چونکە یەك دەقیقە دواکەوتنی ئەوان لە کارو بارەکانیاندا ئەبێتە هۆی جۆرەها کارەساتی قەبەی ، وەك داڕووخانی ئابووری وڵات و گەلەکۆمەکێی دوژمنانی گەل و قۆستنەوەی ئەو هەل و مەرجە ناسکەمان کە مەگەر هەر پەشمەك هێندەی ئەو ناسك بێت و دڵنیاش بن هەتا ئێمە بە قسەی برا گەورەکەمان نەکەین ئەو بارو دۆخەمان هەر وا بە پەشمەکیی ئەمێنێتەوە .
ببوورن من ئەبێ زوو ..زوو ئەوەتان بیر بێنمەوە کە حیزب برا گەورەی هەمووانە ، چونکە دڵنیام ئێمە ئەوەندە کڵۆڵین زاکیرەشمان کۆڵەوار بووە و شتمان لە ئان و دەقەدا بیر ئەچێتەوە ، خەڵکینە بیکەن بە خاتری چاوی ئەو حکومەتە ساوایەمان ، یان با بڵێین ئەو حکومەتە ساوایانەمان کە خۆشبەختانە هەرگیز پاکیی و بێگەردیی و بەرائەتی منداڵیی

جێ ناهێڵن و نایەنە دنیای جەنجاڵی گەورەکانەوە . ئیتر با بەس بێت لەوە زیاتر مەسەلەکان زەبەلاح مەکەن ، ئاخر لەکوێی ئەم دنیایەدا بووە ، تەنها لەسەر ئەوەی مامۆستایەك دوو سێ مانگ مەعاشی نەدرێتێ یان دوا بکەوێت ، خۆی مۆن بکات و بکەوێتە گلەیی و گلەییکاریی ، یان کێ بیستویەتی و لە کام کون و قوژبنی ئەم سەر زەمینەدا بووە ، بەهۆی هەڵەیەکی بچکۆلەوە ، " کەخوا عەلیمە ئەویش خەتای کۆمپیوتەرە " ، کەسانێك لە خائینەوە بوونە شۆڕشگێڕ و چەند سەد مەترێك زەویی بێقیمەتیان پێ درابێت ، ئیتر ئێوە بیکەنە ئەو ڕۆژەی قەرە وەیسی تیا کوژرا ؛ دە با بیخۆین ئەوە دەردمان بێت ئەوەش خەتای خۆمان بوو ، ئاخر ئەگەر ئەو کۆمپیوتەرە نەعلەتییە خۆی نەکردایە بە وڵاتە داماوەکەماندا ئێستا ئەو هەڵە خنجیلانەیە ڕووی نە ئەدا و ئێمەش تفەنگمان بە تاریکە شەوەوە نە ئەناو لە خۆڕایی کەسمان تاوانبار نە ئەکرد .

با لەو شتانە گەڕێین و بزانین کەس هەیە ئەقڵی ژەهراویی بۆ ئەوە بچێت و گەڕ لەوە بئاڵێنێت و بیژێت بۆچی زۆربەی برازاکانمان لە ژنێکەوە ئەیکەن بە دوان و لە دوانەوە بۆ سیان و ....هتد ، باشە هەیە ئەوە نەزانێت ئەو برازا ئازیزانەمان ئەوەش بە خاتری ئێمەو خاکە پیرۆزەکەی کوردستان ئەکەن ، وەرن با بیر بکەینەوە و کەمێك بە ئینساف بین ، ئاخر ئەگەر ئەوان خەمی دنیایان نەدابێت بە کۆڵدا ، ناچن ژیانی ئارامی خۆیان تێك بدەن و بە جوملە ژن بێنن بۆ ئەوەی نەوەی زیاتر بخەنەوە و لە ڕۆژە ڕەشەکاندا بەرگریی لە بەرژەوەندیی گشتیی و ئەو بستە خاکە بێ کەسەمان و کەسو کاری ئەنفال کراو و شەهیدانی هەڵەبجەو هەشت هەزار بارزانیی وڕەش و ڕووتی ئەم میللەتە بکەن ، ئەبێ چەند لەو برا قووڕ بەسەرانەمان لە سات و ڕۆژێکی وادا جەرگیان بسووتێ و بەلام کە ئەزانن ئەوە ئەرکێکە و بۆ وڵات و جەماوەرە زەحمەت دیدەکەیان کێشاوە ، ئیدی مێشیش میوانیان نابێت و بە ویژدانێکی ئاسوودەوە هەر شەوە لای خانمێکی هاوسەریان سەر ئەنێنە سەر سەرین ، بگرە ڕەنگە ئەوەندەش شادمان بن ، لە شادمانییدا سەریان لێ تێك بچێت و بۆن بنێن بە بۆی هەناسەی گەورە کچێکی تریشەوە و وابزانن یەکێکە لە خانمە بەژن زراڤەکانی خۆیان .

ئەوە خەیاڵم نەبوو ، باشە ئێمە بۆ ئەوەندە نمەك بە حەرامین و قەت بیرمان بۆ شتێکی باش ناچێت و هەردەم بە گومانێکی ناشرینەوە لەو کەسانە ئەڕوانین کە لە پێناوی ئێمەدا هەموو بەختەوەرییەکیان لە خۆیان حەرام کردووە !

من پێشنیارێك ئەکەم و بڕواشم پێ بکەن لەو دڵسۆزییەمەوە ئەیڵێم کە لە حیزبی برا گەورەمەوە فێر بووم ، ئەویش ئەوەیە : ئەرێ بۆ نایەن هەر هەموومان بە کوڕو کچ و ژن و پیاو و منداڵانیشەوە بە بەرماڵێکەوە بچینە بەر کۆشکی بەزەیی باوك و برا گەورەکانمان و هەر لەوێوە لە خوا بپاڕێینەوە کە لە هەموو ئەو گوناهانەمان خۆش بێت کە بەرامبەر ئەوان کردوومانەو زۆر جاریش ئەوەندەمان لاساریی کردووە ناچارمان کردوون بە ویژدانەوە وەك مێگەل لێمانخووڕن و وەك جاشوولکە سوارمان بن . من دڵنیام ئەگەر تۆبەی نەسوح نەکەین ئەوە خودا لەو گوناهانەمان خۆش نابێت ، ئەگەر چی ئەزانم خودا ئەوەندە بە ڕەحمە لە جێبەجێ نەکردنی هەموو فەرزەکان ئەمان بەخشێت ، بەلام قەت ناچێتە ئەقڵمەوە گەر بە هەق تۆبە نەکەین لەو گوناهانەمان هەرگیز ببورێت کە بەرامبەر حیزبی باوك و برا کردوومانە .